## سەرۆك وەزیری ئینگلستان دەڵێ: ئابلۆقە دەخرێتە سەر گازی ئێران

گوردون براون سەرۆك وەزیری ئینگلستان لە سەردانی بۆ ئەمریكا رایگەیاند گازی ئێرانیش دەكەوێتە بەر ئابلۆقەو لە هەمانكاتدا داوای لە رێبەرانی ئوروپا كردوە ئابلۆقەكانی سەر رژیم زیاتر بكەن. هەروەها جۆرج بووش سەرۆك كۆماری ئەمریكاش رایگەیاند پشتیوانی لە ئابلۆقەی زیاتر بۆ سەر رژیمی ئاخوندی دەكا.

سەرۆك وەزیرانی بریتانیا دوای چاوپێكەوتنی سەرۆك كۆماری ئەمریكا لە واشینگتون گوتی: هیچ داواییێكی لێبوردن پێویست ناكا كە ئابلۆقەكان لە دژی رژیمی ئێران لە هەركاتێكدا مەجال هەبێ پەرەی پێ دەدەین.